# یادی هەڵەبجەی شەهید

ئە حمەد دەشتی

ئەمڕۆکە یادی شاری  شەهیدە
یادی هەڵەبجەی موژدەی نەویدە
یادی ساواکەی لە ئامێز مردوو
یادی خاوەرو کۆرپەلەدەست چوو
یادی گوڵاڵەو وەنەوشەی لاوان
یادی هەزاران ژین لێ بڕاوان
ئەمڕۆکە یادی شاری شەهیدە
یادی خەردەل و گازی  سیانیدە
بە دەستی زۆر و پەست و دڕندە
هەزاران هەزار ڕۆڵەم شەهیدە
ئەمڕۆکە برینم گشت کولانەوە
ڕوندك لە چاوم داڕژانەوە
ئاوازی گریان هەناسەی گرتم
بەرەو شارەکەی هەڵەبجەی بردم
بردمیەوە لای هەزاران شەهید
بە گازی کیمیای خەردەل و سیانید
هاتەوە یادم ئەنفال دیدەکان
شاری شەهیدوگشت بارزانیەکان
چوومەوە بۆ لای تەرمی هەزاران
گشت کارەسات وهەڵەبجەی یاران
هەر چاو دەگێڕم لە هەمولایێ
دەنگ و ئاوازی مرۆیان نایێ
نایێتە گوێچکەم دەنگی ئازادان
بەرگری کردن  لە مافی مرۆڤان
ئەمڕۆکە یادی شارەکەی کوردە
یادی هەزاران هەزار شەهیدە
پڕ بە دل ئەمڕۆ وا هاواردەکەم
گوێچکەی ئاسمانان هەمووی کەڕدەکەم
بە گازی خەردەل وا دەمخنکێنن







بۆچی بێ دەنگن ویژدان دەمرێنن
بۆچ لە سەر کوردو کوردستانی من
کەسێ هیچ نالێ وا دەمرم ئەمن
پشکۆ و خاوەرو وەسمان و پەری
بێ گیانن سەیری ڕامان و زەری
چاویان هەرگەشەو بەلام مردوونە
وا لە کوچەی شار بێ گیان کەوتونە
بە گازی سارین شارم شەهید بوو
هەرچی لەوێ بوو بەبێ گیان کەوتوو
گوڵم پەڕپوتەوهیچم نەماوە
شارم شەهیدەو سیانید کراوە
جیهان بێ دەنگە لە ڕاست تاوانان
دژ بە کورد قڕان وا دەگرن چاوان
لەکوێنەسوور وگشت ئاشتیخوازان
چەکی کیمیاوی قەدەغەکراویان
وا لە کوردستان دەکوژی هەزاران
کوانی ویژدانی خوا پەرستان
کوانی هاواری ژیان سەربەستان
وا هەستی جینۆ سایدی کوردم
وەدی هاتەوە لە خاك و هەردم
سەیری دیمەنی هەڵەبجەی شەهید
چەند ترسناکەڕەفتاری پەلید
بەلام هاکا هات ڕۆژی ئازدی
کوردیش ڕزگار بێ لە نامرادی
دوژمنی پەست و نامەردوتەرەس
وێڵ بن و بڕۆن نەمێنن ناکەس

16.3.2003پیشکەشە بە هەڵەبجەی شەهید